گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# خەیاڵی زانستی لە ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی) دا

**پ.ی.د. کەیفی احمد عبدالقادر**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان
07501188554
Kaify.ahmad@koyauniversity.org
**فاطمە عبدالکریم محمود**
بەشی زمانی کوردی، سەرۆکایەتی زانکۆ، زانکۆی ڕاپەڕین ، ڕانیە، هەرێمی کوردستان
07511601990
fatma.abdulkarim2022@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١١/٧
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/١٧
**بڵاو کردنەوە:**زستانی٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Science Fiction, Concept, Enlements, Fields, Techniques*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.14

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا کورتەیەک دەربارەی خەیاڵ و چەمک و زاراوە و پێناسەی خەیاڵی زانستی و بوارەکانی بەکارهێنانی خەیاڵی زانستی ئاماژەی پێکراوە، بە تایبەتی لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا. جگە لەمانە ڕەنگدانەوەی بابەتەکانی وەکو کۆپیکردنی مرۆڤ و گۆڕانکاری لە جینات و کرۆمۆسۆمەکان و بەکارهێنانی ڕۆبۆتەکان لە ئاستێکی بەرزی تەکنەلۆژیدا کە ڕۆڵی مرۆڤ دەگێڕن لە ڕاییکردنی کاروبارەکان، خراونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. نوسەری ئەم ڕۆمانە بۆ داڕشتنی بابەتەکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتی بە بنەماکانی خەیاڵی زانستی بەستووە، ئەمەش ناوڕۆکی ڕۆمانەکەی تایبەتتر و زانستییانەتر کردووە. مەبەستیش لە خستنەڕووی ئەم ڕەگەزە ئەدەبییە لەم توێژینەوەیەدا، ناساندنی جۆرێکی تایبەتی خەیاڵە و جیاکردنەوەیەتی لە جۆرەکانی تر. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە، کە خەیاڵی زانستی بابەتێکی نوێیە لەناو ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی ڕۆمان. ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی) یش کەوتۆتە چوارچێوەی ئەو خەیاڵە زانستییەی کە بۆتە دەروازەیەک بۆ هاتنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئارا و لە دایک بوونی بەرهەمی تری ئەدەبی کە تایبەت بن بە بوارەکانی وەکو (ڕۆمان، خەیاڵی زانستی، ....هتد).

## 1. پێشەکی

خەیاڵی زانستی، بابەتێکە لە نێو دنیای زانستدا چەکەرە دەکات و جیهانێکی تازە و جیاواز بەرهەمدێنێت، واتە دەبێت بنچینەیەکی زانستی هەبێت, بۆ ئەوەی وێنایەکی ڕاستەقینە بەو جیهانە نوێیە ببەخشێت، کە داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر بەندە. هەرچەندە خەیاڵی زانستی دەربارەی ئەنجامدراوێک دەدوێ, کە هێشتا هەر خەیاڵە و مرۆڤ پێی نەگەیشتووە و بەدی نەهاتووە، بەڵام توانای ئەوەی هەیە بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاو بنێت و ئومێدی سەرکەوتن بە زانایانی ئەم بوارە ببەخشێت. هەروەها پێشبینی ئەو ڕووداوانە دەکات, کە بڕیارە لە داهاتوودا یەخەی مرۆڤایەتی بگرێت و پەنا بەرێتە بەر هەسارەیتر بۆ ژیان، واتە گریمانەی دروستکردنی جیهانێکی تایبەت دەکات، جیاواز لە سروشتی زەوی، کە زاناکان لە ئاستێکی زۆر بەرزی زانستی تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدەن و بە هۆی تەکنەلۆژیاوە ژیانی مرۆڤ سەرتاپا گۆڕانی بەسەردا دێت، هەربۆیە پێویستە ڕۆماننوسی خەیاڵی زانستی زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە خەیاڵییەکاندا بکات, شارەزایی تەواوی سەبارەت بە بنەماکانی خەیاڵی زانستی هەبێت، چونکە ئەو ئەدەبەی دەخرێتە چوارچێوەی خەیاڵی زانستییەوە، کۆمەڵێک مەرج و بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە, بۆ جیاکردنەوەی لە ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب و بزانێت لەسەر چ بنەمایەک ئەو ڕۆمانە زانستییە دەنووسێت و لایەنی بەهێز و کاریگەریەکەی بخاتەڕوو.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (خەیاڵی زانستی لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی)، هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک زانیاری گرنگ و خستنەڕوی پێشبینییەکان سەبارەت بە داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتی و هێزی پەیوەندی نێوان خەیاڵ و واقیع و گرنگی ئەم پەیوەندییە و کاریگەری زانست و تەکنەلۆژیا لەسەر گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ، هەروەها دروستکردنی هێڵێکی پەیوەندی پتە و لە نێوان زەوی و هەسارەی مانگدا, بەتایبەتیش هەسارەی مانگ، کە وا بڕیارە لە داهاتوودا بەشێکی ژیانی تاکەکان لەسەر ئەم هەسارەیە بەڕێوەبچێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** لەبەرئەوەی خەیاڵی زانستی بابەتێکی تازەیە لەناو ئەدەبیاتی کوردی و سیمایەکی فەلسەفی لەخۆگرتووە، هەندێك جار ناڕوونی لە زەینی خوێنەردا دروستدەکات، لەبەرئەوە هەوڵ دراوە ئەم بابەتە لەلای خوێنەر وەک بابەتێکی زانستی لێی بڕوانرێت، نەک وەکو بابەتێکی خەیاڵی و شاراوە، هەروەها پەیام و مەبەستەکەی لەلای خوێنەر ئاشکرا و دیاربێت و لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانی خەیاڵی زانستی ئەو لێڵیە نەمێنێت و ڕاددەی تێگەیشتنی بۆ وێنەی ڕاستەقینە و وێنەی خەیاڵی بە پێی بنەمایەکی زانستی بێت، واتە ئامانجی سەرەکی ناساندنی جۆرێکی خەیاڵە، کە ئەویش خەیاڵی زانستییە.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** سنوری لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (خەیاڵی زانستی لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەساری زەوی)، ڕۆمانێکە پێشبینی جیهانێکی تازە لە داهاتوودا دەکات، کە لەسەر چەند بنەمایەکی زانستی بنیاتنراوە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** هەر لێکۆڵینەوەیەک، کە ئەنجام دەدرێت، پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی کاری لەسەر بکرێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** لەبەرئەوەی خەیاڵی زانستی ڕەگەزێکی ئەدەبی ئاڵۆزە، لە ئەدەبی کوردیشدا بابەتێکی نوێیە و زانیاری زۆر و لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر ئەم بابەتە نەخراوەتەڕوو، ئەمەش تێکەڵییەکی زۆری دروست کردووە لەلای زۆرینەی خوێنەران و جۆرەکانی خەیاڵ لە ڕووی سادەیی و ئاڵۆزی یان ئەدەبی و زانستی لە یەکتر جیاناکەنەوە، هەر بۆیە وەکو کێشەیەک لێی دەڕوانرێت و لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەوە هەوڵمان داوە ئەم بابەتە بناسێنین و لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر جیای بکەینەوە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە کە تایبەتە بە (خەیاڵی زانستی لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی)، لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

بەشی یەکەم لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم کورتەیەک دەربارەی خەیاڵ و خەیاڵی زانستی خراوەتەڕوو، لە تەوەرەی دووەمیدا باسی چەمک و زاراوە و پێناسەی خەیاڵی زانستی کراوە، تەوەرەی سێیەمیش تایبەتە بە بوارەکانی بەکارهێنانی خەیاڵی زانستی.

بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ و گۆڕانکاری لە جینات و کرۆمۆسۆمەکان، لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەویدا، لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی دروستکردنی مرۆڤی ڕۆبۆتی و ئۆتۆمبێل و ئامێری ڕۆبۆتی کراوە.

## 1. بەشی یەکەم: خەیاڵی زانستی و بوارەکانی بەکارهێنانی

### تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک دەربارەی خەیاڵ

خەیاڵ توخمێکە تایبەتە بە مرۆڤ، بەهۆیەوە دنیایەکی جیاواز لە بوونە سروشتییەکەی خۆی بەرهەم دەهێنرێت، هەندێجار لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و فراوان، ئەم خەیاڵکردنە دەگۆڕێت بۆ بابەتێکی سەرووی عەقڵی مرۆڤایەتی وپێی دەوترێت فەنتازیا. لە خەیاڵی زانستیدا هەمیشە تیۆرێکی زانستی ئامادەیی هەیە بۆ ڕوودانی ئەو خەیاڵە، هەموو ڕۆمانە خەیاڵیە زانستییەکان گریمانەیەکی زانستی دروست دەکەن، واتە لە سەرەتادا تەنیا بۆچوونێکی گریمانەیی دەخرێتە ڕوو، بەڵام دواتر ئەو گریمانەیە دەبێتە ڕاستی و دەسەلمێنرێت. کەواتە لە خەیاڵی زانستیدا زۆربەی ئەو بابەتانەی لە بواری پزیشکیدا پێشبینییان بۆ کراوە هاتونەتە دی.

دەستەواژەی خەیاڵ (fiction) لە زمانی ئەوروپی مانایەکی بەرین و فراوانی هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، بریتییە لەو مانا ئەدەبییەی کە بە واتای (دروستکردنی جیهانێکی ئەندێشەیی) دێت، یان بە شێوەیەکی سادە بە مانای بیناکردنی ئەندێشە دێت، ئەمەش لە چیرۆکی خەیاڵی و هەقایەت و ڕۆمان و ڕۆمانی خەیاڵی زانستیشدا بوونی هەیە، کە ڕاستەوخۆ پێی دەوترێت ( construction delimagination) واتە چیرۆکی خەیاڵی زانستی. لەلای فۆرمالیستە ڕوسەکانیش بەتایبەتی لە لای (ئەیشنبۆم- Eikhen-baum و چکلۆڤسکی- Chklovski)، نوێنەرایەتیکردنە ئەدەبییەکان، یان بەرجەستەکردنە ئەدەبییەکانی وەک (خەیاڵ) بە پێی لۆژیک و تایبەتمەندی جۆر و فۆڕمە ئەدەبییەکان دەگۆڕێت ( عومەر، ٢٠١٢، ١١٠-١١٢).

کەواتە لە ڕووی واتاییەوە: خەیاڵ بریتییە لە چالاکی و کردەیەکی زیندەیی مرۆڤ، بەم کردەیەش بیر لە ساتە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی دەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕووی ئەدەبیشەوە: خەیاڵ ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ئەدەب و بە یەکێک لەو هێزە کاریگەرانە دادەنرێت، کە بە هۆیەوە دنیای ئەدەب لە دنیای زانست جیادەکرێتەوە، هەستێکە لە ناخ و دەروونی مرۆڤدا گەڵاڵە بووە، کە چاو ناتوانێ ببینێت. هەروەها پاڵنەرێکی بەهێزە و هانی مرۆڤ دەدات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. کەواتە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو ئەو مەبەستانەی کە بەر لە ڕوودانیان بە مێشکی مرۆڤدا دێن و بە شێوەی تابلۆیەکی خەیاڵی وێنەی بۆ کێشاون، چونکە زۆرجار مرۆڤ بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی پشت بەو ڕووداوانە دەبەستێت کە لە ڕێگەی خەیاڵەوە بەرجەستە دەکرێن و لە واقیعدا بوونی نییە، بەڵام هێز و توانای خەیاڵ وای لێدەکات بکەوێتە بیرکردنەوە و شتگەلێکی جۆراوجۆر لە زەین و فیکریدا دروست ببێت.

مرۆڤ بەبێ خەیاڵ جگە لە بوونەوەرێکی سادە هیچ شتێکی دیکە نییە، خەیاڵ بە پێی بوونیادی کەسێتی مرۆڤ دەگۆڕێت، لای هەندێکیان وەک دامرکانەوە و پڕکردنەوەی خواستە کەسێتییەکان بەکاردەبرێت، لای هەندێکی تری وەک نووسەران و شاعیران وێنای بوونایەتی ڕاستەقینەی تاک دەکات، وەک گوتارێکی مەعریفی لەناو دەقێکی ئەدەبیدا. کەواتە ئەوەی وادەکات دەقێکی ئەدەبی داهێنەرانە بەرهەم بهێنرێت، ئاستی قوڵ و فراوانی خەیاڵە، کە دەتوانێت گۆشەنیگایەکی جیاوازی ژیانمان پێ بناسێنێت. هەربۆیە، خەیاڵ لە ئەدەبدا بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکان ئەژمار دەکرێت (عوسمان، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

لەڕووی گشتییەوە: خەیاڵ زادەی مرۆڤە و لە بنەڕەتدا پانتاییەکی فراوانی لە هزر و بۆچوونیدا داگیر کردووە. مرۆڤ سەرەتا بە ترس و گومانەوە لە گەردوونی ڕوانیوە، بەهۆی کەمی زانیاری لەسەر دیاردەکان، بەڵام خەیاڵی مرۆڤ بەوە نەوەستاوە کە دۆش دامێنێ، چونکە زۆربەی کارە داهێنراوەکان، سەرەتاکەی بە خەیاڵێکی سادە دەستیان پێکردووە، دواتر بەرە بەرە فراوان بووە و ڕێچکەیەکی زانستی وەرگرتووە (عبدالحمید، ٢٠٠٩، ١٤٠).

هەروەها (باختین) دەڵێت: خەیاڵ بۆ گەیشتن بە ڕاستی نییە، بەڵکو لە پێناو گەیشتنە بەوەی لەپشت پەردەیە، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە لە پێناو تێگەیشتن و تاقیکردنەوە و پرسیارکردنە لەو قەدەغەکراوانەی کە لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا نەشیاون و ئاڕاستە ناکرێن، چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی خەیاڵ تێگەیاندنە، زۆرجار هەر ئەو خەیاڵە سادەیەی کە مرۆڤ تێیدا ئازادە بەرەو داهێنانی دەبات ( هەمان سەرچاوە ، ل ٢٠١).

خەیاڵ لەگەڵ هەندێک زاراوەی دیکە لەیەکەوە نزیکن و زۆرجاریش تێکەڵ دەبن، بەڵام یەک شت نین، جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان خەیاڵی ئاسایی (داڵغە) و خەیاڵی قوڵدا ئەوەیە، (خەیاڵی ئاسایی)، بە ویستی خود نییە، لەبەرئەوەی ئێمە توانای دەستبژێریمان نییە لە درککردندا، وە خەیاڵی (قوڵ)یش، ناتوانێ بگات بەو یەکبوونە پەیوەستە، کەواتە ئەم دوو جۆرە خەیاڵە لە بەرهەمهێناندا وەکو یەکن، بەڵام لە شوێنی دروستبوون و کاریگەرییاندا جیاوازن (لوءلوءة، ١٩٧٧، ٥٢-٥٣). بەپێی بۆچوونی دەروونزانان، جیاوازی لە نێوان خەونبین و هونەرمەند و کەسێکی خەمۆکەوە بریتییە: لە دوورکەوتنەوە لە واقیع و گەڕانەوە بۆ جیهانی خەیاڵ ، کە خەونبین لەدوای بینینی خەونەکەی بەئاگا دێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو واقیع، هونەرمەندیش لە دوای کارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە و واقیع. بەڵام کەسی تووشبوو بە خەمۆکی لەوانەیە هەر لەو بەرگە شاراوەدا بە شێوەیەکی فانتازی کاری داهێنان بکات. بەم پێیە، کەس ناتوانێ ڕێگا لە خەیاڵ بگرێت، خەیاڵ لە فڕیندا پرۆسەیەکی ئازادە، چونکە مرۆڤ ئەگەر لە زۆر شتدا کۆیلە بێت و ئازاد نەبێت، لە خەیاڵکردندا ئازادە، چونکە خەیاڵی مرۆڤ لە هەر کات و شوێنێکدا بواری بۆ فەراهەم بێت، دەتوانێت خەیاڵ بۆ ئەو شتە یان بۆ ئەو بوونەوەرە بکات کە حەزی لێیەتی، بێ ئەوەی کەس بزانێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات، لەبەرئەوە هیچ هێزێک ناتوانێت بیر و ئاوات و خەیاڵی ناخی مرۆڤ بوەستێنێت (سعید، ٢٠١٩، ٣١-٣٢).

**تەوەرەی دووەم:- چەمک و زاراوە و پێناسەی ئەدەبی خەیاڵی زانستی**

**لقی یەکەم: چەمک و زاراوەی ئەدەبی خەیاڵی زانستی**

خەیاڵ (fiction) وەک چەمک و زاراوە چەندین مانای جۆراوجۆری هەیە وەک: درۆ، پێچەوانەی واقیع، وەهم، بەهەڵەداچوون، داڵغە، تارمایی، سێبەر، دیمەن لە ئاوێنەدا، ڕێژگاو هتد... (عومەر، ٢٠١٢، ١١٠-١١٢).

وە لە زمانی عەرەبیشدا بەم شێوەیە باسکراوە (الخیال، قصە خیالیە، وهم، تصور، تخیل، شبح، ضل، ضد حقیقی، کثیر التخیل...)، ئەگەرچی مەبەست لەم زاراوەیە (ئەندێشەی ئەدەبییە)، بەڵام لە بەرامبەردا لە زمانی کوردی هەمان زاراوە عەرەبییەکان بەکاردێن. واتە هەر وشەی (خەیاڵ) دادەنرێت بۆ ئەوەی بە مانایەکی فراوان بێتە ناو زمانی کوردی (نیزامەدین، ٢٠١٥، ٥٧٧).

زاراوەی خەیاڵ بە مانا ئەدەبییەکەی، وەک بینای ئەندێشەی ئەدەبی، لە ئەدەبی جیهانیدا سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بۆ کۆتایی سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕەخنە و تیۆرە ئەدەبییەکان و چیرۆک و ڕۆمان، واتە بە پێچەوانەی ئەو تێکستانە بەکارهاتووە، کە گوزارشت لە هەقیقەت و واقیع دەکەن. ئەگەر لەڕووی زمانەوانییەوە لێی بڕوانین، دەبینین وشەی خەیاڵ لە (fictus , fictio)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە مانای درۆ و شتی هەڵبەستراو دێت. هەروەها ئەگەر وەکو ناو لێی بڕوانرێت، هەر بە مانای خەیاڵ، یان چیرۆک و داستان، یان ناوڕۆکی ئەندێشەیی دێت. گومانی تێدا نییە، کە هەموو شاکارە ئەدەبی و هونەرییەکان لەسەرجەم بوارەکاندا، زادە و هەڵقوڵاوی خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئەندێشەی مرۆڤن، سەرەتا خەیاڵ دەوریداون، دواتر لە ئەنجامی هیوا و هەوڵدان و کۆڵنەدان، وە گەڕان بە دوای شتە ونبوەکاندا، بە تاقیکردنەوە بەرجەستە بوون و هاتوونەتەدی و بوونەتە ڕاستی (شوان، ٢٠١٧، ٢-٣).

لەڕووی زاراوە و بەکارهێنان خەیاڵ بۆ بابەتێک بەکاردێت، کە هیچ پەیوەندی بە واقیعەوە نەبێت، یان شتێک کە نەبووە و بە خەیاڵ دروستکراوە، واتە دەکرێ بڵێین خەیاڵ هێزێکی ناوەکییە و هەموو شتەکانی پێ وێنادەکرێت و توانای دروستکردن و داهێنانی هەیە. هەروەها خەیاڵ نمونەیەکی وەرگیراوی ڕاستەقینەیە، یان پانتاییەکی فراوان دەبەخشێتە ڕاستی، وەک بۆشاییەکی داخراو خەیاڵ سنورەکانی بۆ دەکاتەوە. خەیاڵ بنەمای هەموو داهێنانەکانە و ئەو جوانیانە لە خۆیدا دەردەخات، کە لە واقیعدا دەستمان ناکەون. واتە لە داهێناندا پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە و وا لە مرۆڤ دەکات گەشبینانە بیر بکاتەوە و بە ژیانی چەقبەستوو قایل نەبێت، هەروەها کۆڵ نەدات و هەمیشە لە خەیاڵکردندا بێت و هەوڵی پێشکەوتن و تازەگەری بدات، وە ئامادە بێت بۆ بەپیرەوەچوونی گۆڕانکاری و داهێنانی تازەی سەیر و سەمەرەتر، لە داهاتوویەکی  نزیک یان دووردا.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام زاراوەی خەیاڵ بە واتا زانستییەکەی، کە پێی دەوترێت خەیاڵی زانستی، بۆ یەکەم جار لە لایەن (هۆگۆ گێرنسباک- Hugo Gernsback) لەساڵی ١٩٢٦ دا بەکارهاتووە، ئەم نووسەرە لەسەر بەرگی یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (ئەمازینگ) لە ئەمریکا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٤٤).

خەیاڵی زانستی یەکێکە لە جۆرەکانی هونەری ئەدەبی، کە نووسەر پشتی پێدەبەستێت، لە فەرهەنگی (معجم المعانی) دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە: (بریتییە لە جۆرێکی ئەدەب و دراما و چیرۆکی خەیاڵی، بە ئەندازەی زانست و زانیاری خۆیان باس لە ژینگە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان دەکەن، بیرکردنەوەی لە بۆشایی ئاسمان و ژیانی سەر هەسارەکانی تر). کاتێک باسی خەیاڵ دەکەین پێویستە جیاکارییەک لە نێوان خەیاڵ و بیرکردنەوەدا بکەین. هەڵبەت بیرکردنەوە پرۆسەیەکی بیرهێنانەوەی هەموو ئەو ڕووداوانەیە، کە پێشتر لە رێگەی پێنج هەستەکانمانەوە درکمان پێکردووە، هەربۆیە، وێنەی بیرکردنەوە ڕوون و متمانە پێکراوترە لە وێنەی خەیاڵ، پاشان لە بیرکردنەوەدا زۆرجار هیچ بەرهەمێکی نوێ نایەتە کایەوە، تەنها وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووی ژیانمانە، هەندێکجار بەهۆی قوڵی بیرکردنەوە لە کێشەیەک خەیاڵ وەک چارەسەرێکی پێشبینی کراو دێتەبەرهەم. بەڵام خەیاڵ بۆخۆی پرۆسەیەکی داهێنانە لە شتێک، کە بەزۆری زاناکان و نووسەر و شاعیرەکان پشتی پێ دەبەستن.

هەڵبەت سەرچاوەی دروستبوونی ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانەی مرۆڤ لە بەردەوامی ژیانیدا، کە لە ڕێگەی پرسی داهێنانەوە شتگەلێکی نوێیان لێ دروست دەکات. هەربۆیە، وێنەی خەیاڵ هەمیشە ناڕێک و ناڕوون لە هەستیدا دەردەکەوێت. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت، خەیاڵ تەنها لە ئەدەبدا نییە، بەڵکو لە بواری هونەر و زانستە مرۆییەکان و زانیاری و فەلسەفە و ئابووری و تەنانەت لە بواری سیاسیشدا هەیە، تاک لە سەرەتاییترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەوڵیداوە لە ڕێگای خەیاڵەوە بە حەزەکانی بگات یان بیر لە خواستەکانی بکاتەوە، چونکە بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر و گەیشتن بە شتەکان خەیاڵ هەنگاوی یەکەمە. لەپاڵ ئەمانەشدا جۆرێکی تری خەیاڵ دێتە ئاراوە، کە خەیاڵی زانستییە، ئەم جۆرەیان ئامێری تەکنەلۆجیا تیایدا دەبینرێت و ئاوێتە دەبێت بە فانتازیا و ترس و خەیاڵ، خەیاڵی زانستی لە داهێناندا زۆر فراوان وگشتگیرە و ئامانجی خۆی دەپێکێت، چونکە ئەو خەیاڵەی لەناو ڕۆماندا هەیە، دەتوانێت ڕووی خوێنەر بشکێنێت و لەسەر

ئەرزی واقیعدا دێتەدی. لە خەیاڵی زانستیدا دەتوانرێت باشتر و ڕوونتر شوێنەکان و بوونەوەرەکان و ڕووداوەکان بەرجەستە بکرێن. (کۆڵریدج) خەیاڵ بە ئامرازی هۆش دادەنێت، کە بە ئاگاداری ویستەکان وەک ڕاستەقینە کاردەکات، مرۆڤ دەتوانێت خەیاڵ وەک مەعریفە سەیر بکات (لوءلوءة، ١٩٧٧، ٦٦-٦٧).

خەیاڵ زادە و بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە، بێگومان پاشخانی زانستیش کاریگەری بەسەر خەیاڵەوە هەیە و هۆکارێکە بۆ پێشخستنی هۆکارەکانی ژیان . بەم پێیە خەیاڵی زانستی، بنەمایەکە لە ڕەگەزەکانی پێشخستن و گرنگییەکی زۆر بە داهاتوو دەدات، کاتێک دڵەڕاوکێ لە شتە خەیاڵییەکان دروست دەبێت، یان ڕێگایەک لە ڕێگاکانی زانستە هەنوکەییەکان دەردەچێت، زانست و داهێنان بەرەو پێشەوە دەبات (حلیفی، ٢٠٠٩، ٦٨). کەواتە خەیاڵی زانستی، یەکێکە لە بنەماکانی پێشبینی یان پێشخستن، کە پێچەوانەی فلاشباکە، زیاتر دەربارەی داهاتوو دەدوێ وەکو دروستبوونی دڵەڕاوکێ لە شتە خەیاڵییەکان.

**لقی دووەم:- پێناسەی خەیاڵی زانستی**

خەیاڵی زانستی لە زمانی ئینگلیزیدا بە دەستەواژەی (science fiction) ئاماژەی پێکراوە، خەیاڵ لە زمانەوانیدا هەروەک لە فەرهەنگی (معجم الوسیط) دا هاتووە، بەشێکە لە هێزی عەقڵ و دەربارەی شتە پەنهان و نادیارەکان خەیاڵ دەکات.

(ئیسحاق ئەزیمۆڤ)، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ئەدەبی خەیاڵی زانستی و پێناسەیەک بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە دەخاتەڕوو و دەڵێت: (( ئەدەبی خەیاڵی زانستی جۆرێکی ئەدەبییە، وەڵامگۆی مرۆڤە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە داهاتوودا بە هۆی زانست و تەکنەلۆجیاوە ڕوو دەدەن. هەر کاتێک ئەو گۆڕانکارییانە هاتنەدی، ئەوا بەهایەکیان نامێنێت و وەکو دەقێکی واقیعی دێنە بەرچاو))، (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٤٢).

لە فەرهەنگی زانستیشدا بەمجۆرە پێناسەی بۆ کراوە، (جۆرێکە لە ئەدەب یان جۆرێکی شانۆی چیرۆکێکی خەیاڵییە و لەسەر دەرخستنی زانیارییەکی هیواخواز بۆ داهاتوو و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

و گشتی و بۆشایی ئاسمان و چوونە سەر هەسارەکان بنیاتنراوە). بە پێی ئەم پێناسەیە خەیاڵی زانستی بە ئومێدەوە گوزارشت لە جیهانی داهاتوو دەکات.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە خەیاڵ هێزێکی عەقڵییە لەوەتەی مرۆڤ لەسەر زەوی هەیە ئەم هێزە عەقڵیەی پێبەخشراوە و وەکو دوانەیەکن لەیەکتر جیانابنەوە، چونکە خوای گەورە عەقڵی بە مرۆڤ بەخشیوە لە پێناو ناسین و پەی بردن بە پەنهانی خوای گەورە و یاساکانی لە بوونەوەردا، بە تێڕوانین لە خەیاڵ، بە شێوەیەکی گشتی زۆرینە بڕوایان وایە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خەیاڵییە، ئەگەر ئەم هێزە عەقڵیەی نەبایە مرۆڤ بەم پێشکەوتن و داهێنانەی ئێستای نەدەگەیشت، واتە بڕێکی پێشکەوتنی مرۆڤ بۆ خەیاڵ دەگەڕێتەوە، هەروەک لە کتابە (گریکی-یۆنانییە) کۆنەکاندا خەیاڵ بە واتای تێڕوانین و خەیاڵکردن هاتووە. بۆ نموونە: (ئەفلاتوون)، خەیاڵ بەو تێکەڵەیە دادەنێت، کە نێوەندگیرە بۆ هەموو ڕێگاکانی بیرکردنەوە و یادەروەرییەکان (یعقوب، ٢٠٠٥، ٦٧).

(شافعیش) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (خەیاڵی زانستی چالاکییەکی عەقڵە، بۆ ویناکردنی شتە نادیارەکان هاتووە، بە پشت بەستن بە ئەزموونی ڕابردوو، کە بەهۆیەوە ڕابردوو ڕوونتر و ئێستا جوانتر دەکات و داهاتووش زیاتر پێشدەکەوێت)، (شافعی، ع ٦٢، ٢٤٥-٢٨١).

کەواتە، خەیاڵی زانستی: بریتییە لە چالاکییەکی عەقڵی و تاک لە خەیاڵیدا هیوا دەخوازێت تا بتوانێت گۆڕانکاری لە داهاتوویەکی نزیک یان دووردا ئەنجامبدات دەربارەی بابەتە زانستییەکان کە لە ئێستادا پیادە دەکرێن، وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لەو ماوەیەدا چاوەڕوان دەکرێ ڕووبدەن، بە نموونەی گەشتی ئاسمانی و دۆزینەوەی نهێنیەکانی بوونەوەر و بوونی ژیان لەسەر هەسارەکانی تر، واتە تاک بە هۆی ئەو چالاکییە عەقڵیەی کە هەیەتی دەتوانێت بیر لە گۆڕانکاریەکانی ژیانی داهاتووی بکاتەوە و بڕیاری لەسەر بدات.

یاخود خەیاڵی زانستی: بریتییە لە سەرچاوەی چارەسەرکردنی دیاردەکانی سەردەمەکەی خۆی بە نمایشکردنی جوڵەکانی، لەڕێگای بەکارهێنانی پێشخەری و پێشبینی لە ڕووداوەکاندا بە بەکارهێنانی شێوازێکی نوێ و زانستییانە (سەعید، ٢٠١٩، ٣٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

((جۆرج تیرنر G.Turner))، پێناسەیەکی گشتگیر بۆ خەیاڵی زانستی دەکات و دەڵێت: (خەیاڵی زانستی رێگایەکی نوێ و جێگرەوە دەگرێتەبەر و جیاوازە لەو رێگا گشتیانەی، کە رۆماننووسەکانی پێشتر پەیرەویان کردووە، کە باس لە شارستانیەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەن، لە بەرامبەردا خەیاڵی ناواقیعی (فانتازیا) هەیە، کە شارستانی بنەمایی هەبوونە نەگۆڕەکان ڕەتدەکاتەوە، لەپێناو خستنەڕووی خەیاڵێکی بێسنوور، لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا، خەیاڵی زانستی پێشنیاری پەیڕەوکردنی رێگایەکی جێگرەوەی لە شوێنی ڕاستییە جێگیرەکان و گرێدانی بە جیهانی ڕاستەقینەوە کردووە)، (عزام، ٢٠٠٣، ٩).

ئەستەمە بتوانین خەیاڵ لەژێر یەک پێناسەی گشتگیر و تەواودا کۆبکەینەوە، چونکە خەیاڵی زانستی یەکێکە لەو کێشانەی بە شێوەیەکی کۆتایی کۆڕای لەسەر نەکراوە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، واتە نەتوانراوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێناسەی ئەو ڕەگەزە رۆشنبیریە بکرێت و هەموو لایەک پێی ڕازیبن. ڕەنگە ئەم کارەش لەبەر دووری و هەمەجۆری بابەتەکان لە یەکتر و تێڕوانینە جیاوازەکان بێت بۆ ئەم بابەتە.

**تەوەرەی سێیەم:- بوارەکانی بەکارهێنانی خەیاڵی زانستی**

ئەدەبی خەیاڵی زانستی ئەو جۆرە ئەدەبەیە، کە خەیاڵ تێیدا گوشادە و بەرجەستەی هیواکان و خەونەکانی ئەمرۆی مرۆڤ دەکات، کە پێیان وایە لە ئەستێرەکانی تریشدا ژیانی جیاواز هەیە بەڵام پێی نەگەیشتوون و پێشبینی هاتنەدییان دەکات. ئەگەرچی ئەدەبی خەیاڵی زانستی بە لقێکی تازە و مۆدێرنیزمی ئەدەب ناوزەند دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە داستان و ئەفسانە و چیرۆکە فۆلکلۆریەکانی گەلاندا هەیە، هەڵبەتە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیش لەم جۆرە ئەدەبە بێ بەش نەبووە و بە دەیان داستان و ئەفسانە و چیرۆک و نەزیلەمان لەو بوارەدا هەیە، کە دەچنە چوارچێوەی ئەدەبی خەیاڵی زانستییەوە، بۆ نموونە: چیرۆکێکی فۆلکلۆریمان هەیە بە ناوی (پیرەژن و چەرخ و فەلەک)، کە پیرەژنێکی جادووبازە و لە دار و پەتک چەرخ و فەلەکێک دروست دەکات و لە ئاسماندا پێی دەفرێ، دواتر بەرەو شارێکی دوور دەڕوات و کچە پاشایەک فریو دەدات، سواری چەرخ و فەلەکەکەی دەکات و بەرەو ئاسمان دەفڕن، ئینجا دەبیات بۆ کوڕە پاشایەک، کە پێشتر بە خەون ئەو کچەی بینیووە و

ئاشقی بووە. کەواتە ئەو خەونە لەژێر کاریگەری خەیاڵی زانستیدا بۆتە واقیع و هاتۆتەدی. یان هەندێجار پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمان، بە سواری ئەسپی باڵدار، بە چاوتروکانێک، لە ڕووداوە نەخوازراوەکاندا وەکو فریادڕەسێک دەردەکەون. ئەمانە هەموویان لە بیرکردنەوەیەی قوڵەوە سەرچاوەیان گرتووە و بیرفراوانی نووسەران و زانایان ئاڕاستەکەیان گۆڕیووە لە خەیاڵێکی سادەی ڕووتەوە بۆ بۆ خەیاڵێکی زانستییانەی پێشبینیکراو(شوان، ٢٠١٧، ٦-٧).

## ڕۆڵی خەیاڵی زانستی لە ئەدەبدا (چیرۆک و ڕۆمان)

لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی گەڕۆکە، بۆیە بەردەوام حەز بەوە دەکات ئەو شتانە بزانێت، کە نەزانراون و هەوڵ دەدات ئاشکرایان بکات و لە لای نامۆ نەبن، ئەو شتانەش کە دۆزینەوەیان قورس بووە و دەسەڵاتی بەسەریاندا نەشکاوە، تیۆر و گریمانەی بۆ داناون، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و لە سەردەمانێکی تردا ئەو گریمانانە بوونەتە واقیع، بۆ دانانی ئەم تیۆر و گریمانانەش خەیاڵ ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، چونکە زۆر جار لە ڕێگەی خەیاڵی زانستییەوە ئەو گریمانەو پێشبینیانە کراون. هەر لەبەر ئەوەیە هەر پێناسەیەک بۆ ئەدەبی خەیاڵی زانستی بکرێت، لە هەمان کاتدا پێناسەیە بۆ ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، چونکە ئەدەبی خەیاڵی زانستی بریتییە: لە جۆرێک گێڕانەوەی خەیاڵی، لە ئەنجامی کاریگەری پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا بنیات دەنرێ و کاریگەریشی لەسەر خەڵک دەردەکەوێت، جا چ لە ئێستادابێ یان لە داهاتوودا، کە بریتییە لە کۆمەڵێک حەقیقەتی زانستی و لە گریمانە پێکهاتووە، بەڵام ئەو گریمانەیە بنەمایەکی زانستی هەیە (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٣٩).

سەرەتای هەوڵەکان بۆ نووسینی ڕۆمانی خەیاڵی زانستی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، "کلیەر" ی ئەڵمانی، کە زانایەکی گەورەبوو لە بواری زانستی (ماتماتیک) لەو سەدەیەدا، ڕۆمانێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (دەربارەی گەشتێک بۆ سەر مانگ). دوابەدوای ئەویش چەندین نووسەری بەتوانای ئینگلیزی و ئەمریکی بەرەو ئەو بوارە هەنگاویان ناو چەند ڕۆمانێکی خەیاڵی زانستییان نووسی (شوان، ٢٠١٧، ٨).

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم بابەتە دەتوانینی بڵێین: بوارە جیاجیاکانی ئەدەب بەتایبەتیش ڕۆمان، کاتێ بە ئەدەبی خەیاڵی زانستی دادەنرێت، کە ڕەگەزی پێشبینی و گریمانە و دەستکەوتە حەقیقی و خەیاڵیەکانی زانستی تێدا بەرجەستە بکرێت. واتە پێشبینی و گریمانە بە ڕەگەزێکی سەرەکی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرە ئەدەبە دادەنرێت. کەواتە ئەدەبی خەیاڵی زانستی کار لەسەر ئەوە دەکات، کە مرۆڤ ناکرێت تەنها پێشبینی داهاتوو بکات، بەڵکو دەیەوێت وێنای ئەو داهاتووە بکات، کە ڕەنگە بێتەدی. لەبەرئەوە هەندێ لە توێژەران و ئەدەب ناسان، ڕۆمانی خەیاڵی زانستی بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانن، هەر بۆیە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی وا لە خوێنەر دەکات، هەست بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات. لە بەرامبەر ئەمەشدا دەبێ ڕۆمانی خەیاڵی زانستی وەک چۆن دەرخەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانە و ناخی خوێنەر دەورووژێنێ و ناوەڕۆکەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە، کە لە ژیانی کۆمەڵگادا هەستیان پێ دەکرێ، دەبێ بەو جۆرەش چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

هەرچەندە زۆربەی ئەو کێشانەی، کە ڕۆمانی زانستی دەیەوێ چارەیان بکات، لە ناو خەڵکیدا ڕوونن، بەڵام هێشتا هەندێکیان لێڵ و ناڕوونن. ئەگەرچی ئەم بۆچونەی توێژەران زاراوەیەکی جیاواز دەخەنەڕوو، ئەویش ڕۆمانی زانستییە، بە بێ بەکارهێنانی وشەی خەیاڵ، واتە ڕۆمانیان پێ فراوانترە لە وشەی خەیاڵ، چونکە دەکرێت ڕۆمان واقیعی بێیت، لە هەمان کاتدا دەشکرێ خەیاڵی بێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە هیچ ڕۆمانێک بێ خەیاڵ نییە و نابێ. بەستنەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە، سەرەتایەکە و هەوڵێکە بۆ ناساندن و خستنەڕووی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەی، ڕەنگە لە داهاتودا بێتە پێش. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پێشبینیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕۆماننوس دەیانخاتەڕوو. ئەو پێشبینیانەی ڕۆمانوسیش لە ئەنجامی هەستکردن بە ترس لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا دێنە ئاراوە و پێیوایە، ڕۆمانی زانستی لە ئەنجامی قوڵبوونەوە لە گەشەی تەکنەلۆجیاوە دێتە بەرهەم و لە سود و زیانی ئەم پێشکەوتنە ئاگادارمان دەکاتەوە.

بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان، یەکەم دەق، یان یەکەم ڕۆمان، چ لە ڕووی ناوەڕۆک یان لە ڕووی تەکنیکەوە بە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی دابنرێت، (ڕۆمانی فرانکنشتین Frankenstein) کە (ماری شیلی Mary Shelly) لە ساڵی ١٨١٨ز، نوسیویەتی، هەرچەندە هەندێ لە توێژەران مێژووی ئەم جۆرەی ئەدەب بۆ زۆر کۆنتر دەگەڕێننەوە. بەڵام بۆچوونە ڕاستیەکە ئەوەیە کە ڕۆمانی (یۆتۆپیا) ی (تۆماس مۆرۆTomas Moro) لە ساڵی ١٥١٦ ی ز، بە یەکەم ڕۆمانی خەیاڵی زانستی دادەنرێت، کە باس لە کۆمەڵێکی خەیاڵی دەکات. بۆیەش بەشی زۆری توێژەران و ئەدەب ناسان ڕۆمانەکەی (ماری شیلی) بە خاڵی جیاکەرەوە و گۆڕانکاری لە دیاریکردنی مێژووی ئەدەب و ڕۆمانی خەیاڵی زانستی

دادەنێن. واتە ئەم ڕۆمانە خاڵی دەستپێکە بۆ پەیدابوونی ڕۆمانی خەیاڵی زانستی بە واتا نوێیەکەی (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٤٧).

لە فەرهەنگی (المصطلحات الادبیة المعاصرة) دا، بەمجۆرە باس لە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی کراوە: ((جۆرێکی ڕۆمانە، کە ڕووداوی زانستی بە شێوازێکی خەیاڵی بڵاودەکەنەوە))، (علوش، ١٩٨٥، ١٠٣). وە نووسەر (مجدي وهبة)ش بەم جۆرە پێناسەی ئەدەبی خەیاڵی زانستی دەکات و دەڵێت: (جۆرێکی ئەدەبی گێڕانەوەیە، کە بە شێوازێکی خەیاڵی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا نیشان دەدات و پێشبینی و گریمانەی مرۆڤ بۆ بوونی ژیان لەسەر هەسارەی تر دەخاتەڕوو(قاسم، ٢٠٠٩، ١٤).

لە ئەدەبی کوردیشدا یەکەم ڕۆمان کە بە فۆڕمی خەیاڵی زانستی نووسرابێت، ڕۆمانی (شاخوێنبەری سەرکردەیە)، کە یەکێکە لە بەرهەمە ناوازەکانی د. گۆران سەباح، لە ساڵی (٢٠٠٢) چاپ کراوە، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەناو منداڵدانی مرۆڤدا ڕوودەدەن و باس لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ دەکەن، لەبەرئەوە کاتێک خوێنەر دەیخوێنێتەوە، وا هەست دەکات کەسێک لە بواری پزیشکی ئەم ڕۆمانەی نووسیووە (مەنتک، ٢٠٢١، ٣٦٣).

## 2. بەشی دووەم: زانست و خەیاڵی زانستی لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی

### تەوەرەی یەکەم:-کۆپیکردنی مرۆڤ و گۆڕانکاری جینات و کرۆمۆسۆمەکان

خەیاڵی مرۆڤ لە بواری زانستدا بە ئەندازەیەک فراوانە پەی بە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بردووە، یەکێک لەو بوارانە کرداری کۆپیکردنی مرۆڤە، کە دەنگۆیەکی بەرفراوانی لەبواری زانستی بایۆلۆجیدا هەبووە و بەجۆرێک زەق کراوەتەوە، کە هەموو ئایینە جیاوازەکانی خستۆتە بەردەم پرسیاری فرە ڕەهەندەوە لەمەڕ دروستکردن و کۆپیکردنی مرۆڤ بەو خواستەی مرۆڤ خۆی دەیەوێت. بەو هۆیەوە زۆرینەی وڵاتانی جیهان لەبەردەم ئەم بوارە زانستییە گرنگەدا وەستانەوە و ڕێگرییان لەو تاقیکردنەوانە کرد، کە لە بواری کۆپیکردنی مرۆڤدا ئەنجامدەدران. ئەوەبوو لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(٢٠٠٥/٣/٨) دا بە ئامادەبوونی ٣٧ وڵات ڕەزامەندی لەسەر وەستانی ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە درا، بەهۆی ئەوەی کرداری کۆپیکردن پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی ئایینی و پارێزراوی ژیانی مرۆڤایەتییە و شکۆی مرۆڤ لەناو دەبات.

هەڵبەت هەموو ئەو تاقیکردنەوانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و هەوڵێکی زۆر لە بارەیانەوە دراوە، تەنانەت زاناکان گەیشتبوون بەو قەناعەتەی، ئەگەر هەوڵەکانیان زیاتر چڕبکەنەوە، ڕەنگە بتوانن بە شێوازێکی سەرکەوتوو مرۆڤ کۆپی بکەن، ئەم تاقیکردنەوانەش سەرەتا لەسەر ئاژەڵەکان ئەنجامدرا و یەکەمین تاقیکردنەوەش لەسەر ئاژەڵی شیردەری (مەڕ) بوو لە پەیمانگای (زۆلین)ی سەر بە زانکۆی (ادنبرة)ی اسکتلندا، کە توانرا سەرکەوتووبن لە کۆپیکردنی هەمان ئاژەڵ. لەگەڵ هەڵکشانی تاقیکردنەوەکان لەبواری کۆپیکردن، زۆربەی وڵاتان بیروڕای جۆراوجۆریان بۆ دروستبوو و کەوتنە گرنگیدان بەو بابەتە و بە بایەخەوە لێیان دەڕوانی. لە سەرەتادا کۆپیکردنی مرۆڤ مەترسییەکی شاراوەبوو، بەبێ ئەوەی ڕاستی ئەو هەڕەشانە ئاشکرا بکرێت، کە بە درێژایی ژیان بەرەو ڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە ( هنري، ٢٠١٦، ١٣).

کەواتە چەمکی کۆپیکردنی مرۆڤ (بریتییە لە دروستکردن و کۆپیکردنی مرۆڤێک لە مرۆڤێکیتر، ئەم کردارەش بە ڕێگای لەبەرگرتنەوە و گواستنەوەی شانە و خانەکان ئەنجام دەدرێت)، هەرچەندە تا ئێستا زانست نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە بتوانرێت مرۆڤێک بەتەواوی کۆپی بکرێت بەو جۆرەی کە دەمانەوێت، بەڵام زانایان ئەم بابەتەیان فەرامۆش نەکردووە و هەوڵیانداوە ئەو بیرۆکەیە لە قاڵبێکی واقیعیانەدا جێگیر بکەن (سامي، ٢٠١٩، پێگەی ئەلیکترۆنی).

ئەم شێوازە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان ئەوە دەسەلمێنێت، کە کۆپیکردنی مرۆڤ تەنیا تاقیکردنەوەیەک نییە لە خانەیەکی ئاساییدا، بەڵکو دەستبردنە بۆ بونیادی شکۆی مرۆڤایەتی کە بەهۆیەوە شێوە و ڕوخساری مرۆڤەکان لە جیاوازی و هەمەڕەنگییەوە لاواز دەبێت و لێکچوون و هاوشێوەبوون وەک منداڵی دووانە لەناو مرۆڤدا ژمارەی زیاتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا کۆپیکردنی مرۆڤ بە ڕووکەشی لە جیهاندا قەدەغە کراوە، بەڵام ڕێگر نەبووە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی زانستی زاناکان وەک پێشبینی کردنی ئەم زانستە بۆ داهاتوو، کە لێکەوتەکانی چۆن دەبێت، هەربۆیە

لە ڕێگەی فیلم و ڕۆمانی ئەندێشەی زانستییەوە چەندین بیرو بۆچوونی جیاواز لە مەڕ ئەم زانستە خراونەتەڕوو، کە چۆن کۆپیکردنی مرۆڤ لە داهاتوودا هەموو یاساکان تێکدەشکێنێت و ئامانج و خواستەکانی خۆی بەرجەستە دەکات. دوای ئەم هەوڵانە، تەواوی ئەو بیرۆکە و ئەزموونانەی تایبەت بوون بە بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ و گۆڕانکاری جینات و کرۆمۆسۆمەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەری زیاتری لەسەر نووسەرانی ئەدەبی خەیاڵی زانستی دروستکرد. ئەم کاریگەریەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە و هەوڵیانداوە ئەوەی زاناکان بەشێوەیەکی کرداری لە ڕێگای زانستەوە نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، ئەوان لە ڕێگەی نووسینی بەرهەمێکی خەیاڵی زانستی وەکو چیرۆک یان ڕۆمان جیهانێک دروستبکەن و هەموو ئەو ئاواتانەی، کە مرۆڤ بە ڕێگای زانست هەوڵی بۆ داون و پێیان نەگەیشتووە، لەناو ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەدا بکەنە واقیع. (عوسمان، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

## کرداری کۆپیکردن لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی

یەکەمین ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا، کە درکی بەم بوارە کردبێت، ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی) یە، هەرچەندە لە پاڵ ئەم ڕۆمانەدا ڕۆمانی تریشمان هەیە، کە دەربارەی خەیاڵی زانستی دواون، وەکو ڕۆمانی (مرۆڤی هەرزان و ڕۆمانی بەلەچەک)، بەڵام گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی بە دەروازە و ڕێچکە شکێن دادەنرێت لە ناساندنی خەیاڵی زانستی و خستنەڕووی لایەنە جیاوازەکانی. یەکێک لەو بابەتانەی لەم ڕۆمانەدا، زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بریتییە لە کرداری کۆپیکردنی مرۆڤ، کە لەلایەن چەند زانایەکەوە ئەنجام دراوە، ڕۆماننوس لە دەرەوەی هەسارەی زەوی جیهانێکی پڕ لە خەیاڵ و ئەندێشەی مەودابەرزی دروستکردووە، کە چەندین تاقیکردنەوەی تایبەت بە بواری زانست و تەکنەلۆژیا لەخۆدەگرێت. واتە زۆر لێهاتووانە لە ئەندێشەیەکی فراوانی زانستیدا ئەو پێشبینیانە دەخاتەڕوو و بە تەکنیکێکی جیاواز لە پرۆژەکانی سەرزەوی، پرۆژەکە بەرێوە دەبات.

پرۆفیسۆر کلارک، کە یەکێکە لە ئەندامانی پرۆژەکە، شارەزاییەکی فراوانی لە بواری ئەندازەی بۆماویی و لەبەرگرتنەوەی مرۆڤ هەبوو، هەوڵیدا لەو بوارەدا توانای خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوەبوو ((

**پێکهاتەیەکی ئۆرگانی دۆزییەوە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی چاندنی ئەو ماددە ئۆرگانییە لەناو بۆهێڵی زنجیرەیەکی کرۆمۆسۆمی خانەیەکی پیتێنراوی هەموو زیندەوەرێکدا، وەک هێزێکی کارا و لە ڕاددە بەدەر، چالاکی ئەو خانەیە لە ڕووی گەشە و لەبەرگرتنەوەی کرۆمۆسۆمیدا خێراتر و کاراتر بکات، بە هێندەی دووسەد جار زیاتر لە توانای خۆی))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٠١٦، ١٠٢). یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی بوو بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بیرکردنەوە لە بابەتێکی وەها گرنگ، لەدەستدانی خۆشەویستەکەی بوو بە ناوی سۆفیا، هەربۆیە، بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە، ڕۆژێک بتوانێت لە ڕێگەی کرداری لەبەرگرتنەوەوە، هاوشێوەیەکی وەکو سۆفیای خۆشەویستی کۆپی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش دەستی کرد بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک لەبواری کۆپیکردن، کە تیایدا کلارک توانی **((پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کیمیایی بدۆزێتەوە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەتەوە، لە کرۆمۆسۆمەکانی خانەی هێلکەی پیتێنراوی مرۆڤدا بچێنرێت، بەهۆیەوە گەشەی خانەکان هێندەی بیست ئەوەندەی خۆی زیاتر و خێراتر دەکات، چونکە دەکرێت لە ڕێگەیەوە، هەموو ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ، بە شێوەیەکی خێراتر و وەک خۆی دروست بکرێتەوە))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ١٤٣).

کلارک لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو، بە سوود وەرگرتن لە پرچەکانی سۆفیا، چونکە توانی بەهۆی ئەو تاقیکرنەوەوە دوو کۆرپەلە دروستبکات و وایان لێ بکات، لە ماوەی سێ مانگدا بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشە بکەن، بگەیەنرێنە گەشەی تەمەنی منداڵێکی شەش ساڵان، ئەو دوو کۆرپەیە پێکهاتبوون لە (کوڕێک و کچێک)، کوڕەکە بەتەواوی لە شێوەی کلارک بوو و بە ناوی خۆیەوە ناوی ناو، کچەکەش پرچێکی زەرد و خاوی هەیە و خاوەنی پێستێکی سپیە و لە سۆفیای خۆشەویستی دەچێت، بەهۆی گۆڕانکاری جیناتەوە توانی هەمان ڕەنگی قژ و ڕەنگی پێستی بۆ هەڵبژێرێت، ناوی لێناوە سۆفیا. ئامانجیشی لەو کارە ئەوەبوو، بتوانێت لە ڕێگای تەکنیکی پێشکەوتووی زانستەوە، ئەو مرۆڤانە لە یادەوەریدا بمێننەوە، کە جیهانی سەر زەوی بەجێدەهێڵن و ماڵئاوایی یەکجاری دەکەن، واتە مەبەستی سەرەکی کۆپیکردنەکەی دروستکردنی کچێک بوو بە هەمان شێوەی خۆشەویستەکەی، بۆ ئەوەی دیمەنەکەی لەبەرچاو وون نەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە ئەو دوو منداڵە لەڕووی جەستەوە گەورەبوون، بەڵام لە گەشەی بیر و مێشکیاندا لاوازن، ئەویش بە هۆی خێرایی گەشەی جەستەیان و کەمی ئەزموونەوەبوو، بەڵام مێشکیان لە هەموو ڕوویەکی فسیۆلۆجییەوە، تەواو گەشەی کردووە، تەنیا ئەوەبوو، کە نەیاندەتوانی وەکو منداڵی ئاسایی بیربکەنەوە و زانیاری تەواویان هەبێت دەربارەی شێوازە جیاوازەکانی ژیان. سەرباری ئەو کارە نایاب و مەزنەی کلارک، زانایان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ئامێرێکی پێشکەوتووتر بدۆزنەوە، کە بتوانێت هەموو ئەو بیرانەی بۆیان گونجاوە، لەگەڵ گەشەی جەستەیاندا ڕێکبخات و ئەزموونی زیاتریان پێ ببەخشێت. واتە ئەو کاتە دەتوانرێت لە ماوەی یەک ساڵدا گەنجێکی تەواو پێگەیشتوو لەڕووی جەستە و بیرەوە بەبێ کەموکوڕی بەرهەمبهێنرێت.

یەکێکیتر لەو گۆڕانکاریانەی لە جیناتەکاندا کرابوو، بریتی بوو لەو تاقیکردنەوانەی ، کە لەلایەن (ڕاجاوە) ئەنجام درابوو، ئەویش ئەندامێکی گرنگی پڕۆژەکە و کارەکتەرێکی دیاری ناو ڕۆماناکەیە، بۆ تاقیکردنەوەی زانستی ڕووی کردبووە هەسارەی مانگ، تاقیکردنەوەکانی ڕاجا لەسەر ئاژەڵی وەکو سەگ و پشیلە ئەنجام درابوون، کە توانیبووی لە ڕێگەی گۆڕانکاری جیناتەکان و چاندنیانەوە، ڕێچکەیەک و شێوازی پێکهاتەیەکی نوێ لە ئاژەڵەکاندا دروستبکات، هەروەکو لەم ڕۆمانەداهاتووە: **((ڕاجا توانیبووی ئەو بەشەی لە بۆهێڵی باڵندەکاندا تایبەتن بە شێوەی باڵەکانیان، لەناو بۆهێڵەکانی سەگ و پشیلەدا جێگیری بکات و گۆڕانکارییان تێدا بکات، واتە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی باڵ بۆ سەگ و پشیلەکان دروست بکات، پاش ئەوەی هێلکەکان دەپیتێنێت و دەیانخاتە ناو لەشی سەگ و پشیلەکانەوە))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٥٧). دوای تەواوبوونی کارەکە و دروستبوونی کۆرپەکان ڕاجا بەردەوام چاودێری گەشەی کۆرپەکانی دەکرد. ماوەیەکی زۆر تێپەڕی تا کۆرپەکانی ناو سکی سەگ و پشیلەکە گەشەی تەواویان کرد، دواتر کاتی ئەوە هات کۆرپەکان لەدایک ببن و گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانەکەی (کریستینا)، ئەویش یەکێکە لە گەورە پزیشکانی سەر هەسارەی مانگ و لە ڕێگەی نەشتەرگەریەوە بێچوەکان لەناو سکی ئاژەڵەکان بە زیندوویی بە دوو باڵی داپۆشراو بە پەڕ، هێنرانە دەرەوە و وەک لەدایک بوونی ئاسایی لەناو خوێن و لینجیدا نغرۆ بوون.

ئەم تاقیکردنەوەیەی ڕاجا، کارێکی خەیاڵێکی سەرسوڕهێنەر بوو و تەواوی تەکنیککارەکانی ناو گومەزەی سەر مانگی تووشی سەرسوڕمان کرد، هەربۆیە ئەم کارە بە نهێنی مایەوە تا ئەو کاتەی ڕاجا

بە تەواوی لە پێگەیشتنیان دڵنیابۆوە و لە بارەیانەوە گوتی: **((بێچووەکان تەواو گەورە بوون و باڵەکانیان هێندەی درێژی جەستەیان دەکشێت، پەڕی باڵەکانیان بە هێندەی کلکەکانیان درێژ بوون))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٥٩). واتە بە بۆچوونی (ڕاجا) بێچووەکان ئامادەبوون بۆ فڕین. دواتر بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی کارەکەی داوای کرد گومەزەیەک ئامادە بکرێت بۆ تاقیکردنەوەی فڕینی ئاژەڵەکان، هەرچەندە (ڕایمۆن) کە هەڵسوڕێنەری تەواوی کاروبارەکانی سەر هەسارەی مانگە، گومانی لە ئەنجامی کارەکەی ڕاجا هەبوو سەبارەت بە فڕینی ئاژەڵەکان، بۆیە وەڵامێکی پێچەوانەی پێیە و لە بارەیانەوە دەڵێت: **((بڕوا ناکەم ئەمانە بەو جەستە قورسەیانەوە بتوانن بفڕن))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی). ئەوەبوو لەسەر پێشنیاری (ڕاجا) گومەزەی ژمارە یەک دەستنیشانکرا بۆ نمایشی ئاژەڵەکان، ڕاجا ئاژەڵەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ تاقیکردنەوەی فڕین، هەرچەندە ئەو گومەزەیە تازە دروستکراوە و نامۆیە بۆ بێچووەکان، بەڵام لەگەڵ چەپڵەلێدانێکی بەهێزی ڕاجا، بێچووەکان بەرەو ناوەڕاستی گومەزەکە هەڵدێن و دەست بە باڵەفڕێ دەکەن. ڕۆماننوس ئەم دیمەنەی بەم شێوەیە لە ڕۆمانەکەیدا وێنا کردووە کاتێک دەڵێت: **((بێچووەکان هەست بە بوونی باڵەکانی خۆیان دەکەن، کاتێک ڕاجا نەخشەی باڵەکانیانی لەناو بۆهێڵی بازەکەدا دەرهێنا، دڵنیا بوو لەوەی ئەو نەخشەی بۆهێڵانە هەموو زانیارییە بۆماوەییەکانی فڕینی تێدایە، ئەگەر وانەبێت ناتوانن یاری بە باڵەکانی خۆیان بکەن))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٦٠). دوای ئەم هەوڵە سەگ و پشیلەکە، وەک دوو باڵداری بەئەزموون بە ئاسمانی گومەزەکەدا دەسوڕانەوە و بە هەمان شێوەی باڵدارەکان کلک و باڵیان لێکدەدا، کە دوو هێندەی جەستەیان دەبوون.

ئەم کارەی ڕاجا لە زانستێکی پێشکەوتووەوە سەرچاوەی گرتووە، تەنانەت دوای ئاژەڵەکان ئەندامانی پرۆژەی مانگ بەتایبەت ڕایمۆن پرسیاری ئەوەیان لەلا دروستبوو، ئایا **(( ئەو باڵانەش بۆ مرۆڤ دەچێنرێ؟))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٦٣). ڕاجا بە متمانەیەکی زۆرەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: هەروەک  چۆن ئەو گومەزە خەیاڵییە لەلایەن مرۆڤەوە کرا بە شوێنی ژیان و گوزەران و چەندین تاقیکردنەوەی لەسەر کرا، فڕینی مرۆڤیش مەحاڵ نابێت، ئەگەر مرۆڤ ئیرادە و متمانەی بەهێز بێت، تەنانەت بیرۆکەی فڕینی مرۆڤیشی خستە ناو پرۆسەی خەیاڵەکانی،  چونکە زانست کلیلی کردنەوەی هەموو خەونەکانی مرۆڤایەتییە.

ڕاجا تاقیکردنەوەکانی لەسەر بنەمای خەونەکانی ئەنجامدەدا، زۆر جار لە خەونەکانیدا بوونەوەرەکان بە چەندین شێوەی سەیر و سەمەرە و جیاواز دەبینران، ڕۆماننوس خەونەکەی (ڕاجا)ی بەمجۆرە لە ڕۆمانەکەیدا خستۆتەڕوو، کە تیایدا هاتووە: **((ئاسکێکی دەبینی دوو باڵی گەورەی هەبوو لە ئاسماندا دەفڕی. یان گیانەوەرە گۆشتخۆرەکانی ناو دارستان و جەنگەڵەکانی دەبینی لەبری گۆشت، سەوزەی وەکو کاهو و وێنجە و ڕەگی دارەکانیان دەخوارد. چەندین باڵداری بچوک و گەورەی وەک پاساری و کۆتر و واشە و کەناری دەبینی، لەبری پەڕەکانیان، پێستەکەیان وەک بنیادەم بوون، تەنیا پێستێکی ڕووت و قووت هیچی تر نەبوون، باڵەکانیان لەبری پەڕ، تەنیا پێستێکی جیرِی تەنک بوون و بە ئاسماندا پێی دەفڕین و بە نێو دارەکاندا دەهاتن و دەچوون))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٣٣).

زۆر جار ڕاجا لەناو خەونەکانیدا وەکو ئەژدیهایەک ئەو دار و درەخت و ڕووەکانەی دەبینی، کە بۆ مەبەستی جوانی و ڕازاندنەوە لەناو کوچە و شەقامەکان چێنرابوون، ڕەگەکانیان بە شێوەیەکی چڕ و تۆقێنەر بە هەموو لایەکدا بڵاوەبوونەوە و وەکو دڕندە پەلاماری دەوروبەریان دەدا، بەجۆرێک خۆیان تێوە داڵاند، لەناو سروشتە ئاڵۆزەکەی خۆیان ونیان دەکردن. لێرەدا دەبینین نووسەر لە ڕێگەی لێکچواندنەوە وەسفی دیمەنی دار و درەختەکان دەکات و لە بەرگی ئاسایی خۆیان دایاندەماڵێت، دیمەنێکی شێواو و ئەندێشاوییان پێدەبەخشێت. بینینی ئەو خەونە سەیر و سەمەرانە، وای لە ڕاجا کرد، بەتەواوی بیر لەوە بکاتەوە، هەموو ئەو خەونانە بکاتە ڕاستی، ئەم کارە بەلایەوە شتێکی ئەستەم نەبوو، هەروەکو ڕۆماننوس لەسەر زاری (ڕاجا) وە دەدوێت و دەڵێت: **((هیچ شتێک ئەستەم نییە ئەگەر سەرچاوەکەی جینەکان بێت و لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ کاری تیادا بکرێت))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٣٣).

ئەم هەوڵانەی ڕاجا، بوو بە بنەمای داهێنانێکی نوێ و بیری زانایانی فراوان کرد و وای لێکردن، بتوانن لە ڕێگای گۆڕانکاری جیناتەوە لە بواریتر و بابەتی دی وەکو ڕووەک و زیندەوەرانیش گۆڕانکاری ئەنجام بدەن. کەواتە نووسەر، لە ڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە پەیامی کارەکەی بە خوێنەر دەگەیەنێت و ئەوە دەخاتەڕوو، ئەگەر مرۆڤ ئیرادە و متمانەی بەهێز بێت، دەتوانێت هەموو ئەو ئاواتانەی، کە بنەمای خەونەکانی لەسەر بنیاتنراوە بە ڕێگایەکی زانستی باوەڕپێکراو بەدیبێنێت، بەجۆرێک کە ئەو قەناعەتە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە مێشکی خوێنەردا دروستبکات، لە داهاتوویەکی نزیکی پێشبینیکراودا، تەواوی ئاواتە خەیاڵاوییەکانی دەگۆڕێن بۆ واقیع و ئەو بابەتانەی لە ڕێگای خەیاڵەوە دەخرێنەڕوو هەر بە ڕاستی بوونیان هەیە.

**تەوەرەی دووەم:- دروستکردنی مرۆڤی ڕۆبۆتی و ئۆتۆمبێل و ئامێری ڕۆبۆتی**

ڕۆبۆتەکان بەشێکی گرنگی ژیانی ئێستای تەکنەلۆجیا پێکدێنن، کە وەک هێزێکی کاریگەر لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ جێ پەنجەیان دیارە، هەربۆیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بواری زانست و تەکنەلۆجیا بیرۆکەی ڕۆبۆت لەلایەن زاناکان بایەخی زیاتری پێدرا و  کاری جددی لەسەر کرا، بە شێوەیەکی بەردەوام لەبارەیانەوە توێژینەوەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرا. مێژووی ڕۆبۆتەکان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٣) کە بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەندازیاری ئەمەریکی (ئەلمەر سبیری) یەوە داهێنرا، کە دامەزرێنەری شەریکەی (سبیری کارەبایی) بوو، (سایتی www.mawhopon.net ).

لە بنەڕەتدا ڕۆبۆت بە مانای نەخشەی ئامێرێک دێت، کە لە ڕێگەی سیستەمێکی ئەندازیارییەوە بەڕێکی کاردەکات، هەندێك جار لەبری مرۆڤ هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زۆربەی ئەو کارانەی پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە. ئەم جێگرتنەوەیەی ڕۆبۆت بووە خواستێکی پێویست لە زۆربەی بوارەکاندا، چونکە ڕۆبۆتەکان ئەوەندە بەهێز دروستکراون، لە توانایاندایە بە کاری سەرسوڕهێنەر هەستن، کە ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت ئەنجامیان بدات.

بۆهۆی گرنگییانەوە زاناکان لە هەوڵدابوون پەرەی زیاتر بەم بوارە بدەن، بە تایبەتیش ئەو جۆرانەی بۆ خزمەتی مرۆڤ گونجاو بوون. واتە زیاتر دەیانەویست لەسەر شێوەی مرۆڤ دروستیان بکەنەوە و تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤایەتی بکرێن. ڕۆبۆتەکان لە دوو لایەنی جیاوازەوە گەشەیان پێدراوە، یەکەمیان: لایەنی ژیری دەستکردە، کە لایەنێکی گرنگی گەشەی تەکنەلۆجیای سەردەمە، دووەمیشیان: شێوەی ڕۆبۆتەکانە لە شێوەی مرۆڤ. هەرچەندە لە ئێستادا گەشەی زیرەکی دەستکرد زیاتر بایەخی پێ دەدرێت و بەپێی جۆری کاری ڕۆبۆتەکان مشتومڕی لەسەر دەکرێت، وەک ڕۆبۆتی کۆمەڵایەتی، کە تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ دەبێت و جەستەی لە ماددەیەکی نەرمی وەک سلیکۆن دروستکراوە بەشێوەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە هەموو بەرکەوتەکان بپارێزێت، هەندێکیشیان پێستیان لە ماددەیەکی

زیندوو دروست دەکرێت و دەتوانێت دووبارە خۆی دروستبکاتەوە لە کاتی بەرکەوتنی بە هەر بەربەستێک، کە زیانی پێ بگەیەنێت، بەمەش خۆی لەو تێچوونە زۆرە دەپارێزێت، کە بۆ چاککردنەوەی بەکاردەهێنرێت (عوسمان، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن).

کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئامێرێ ڕۆبۆت بە شێوەیەکی تایبەتی لەلایەن کۆمپیوتەرەوە بەرنامەی کاری بۆدادەنرێت، هەروەها توانای ئەنجامدانی زنجیرەیەک کرداری ئاڵۆزی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەیە، واتە دەتوانرێت بە ئامێری کۆنترۆڵکردنی دەرەکی ڕێنمایی بکرێت، یان کۆنترۆڵەکە لە بەشی ناوەوەی جێگیر بکرێت. ڕەنگە ڕۆبۆتەکان بۆ وەبیرهێنانەوەی فۆرمی مرۆڤ دروستبکرین، بەڵام زۆربەی ڕۆبۆتەکان ئامێری ئەنجامدانی کار و ئەرکن، کە بە جەختکردنەوە لەسەر کارایی توند و زانستییانە دیزاین کراون، بۆ ڕاییکردنی کار و ئەرکیان، نەک بۆ دەربڕینی لایەنی جوانکاری و دەرخستنیان بە شێوەیەکی ڕۆتینی (Rus D, 2015, 521).

چەمکی ڕۆبۆت بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٠) دا، لە کارەکانی نووسەری چیکی (کارل تشابیک ١٨٩٠ - ١٩٣٨) دا دەرکەوت، کە لە تەواوی کارە ئەدەبییەکانیدا جیاوازی نێوان ئەدەبی واقیعی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و خەیاڵی زانستی خستبووە ڕوو. واتە بەپێی ئەرک و مانا زانستییەکەی، ڕۆبۆت ئامێرێکی میکانیکییە، توانای ئەنجامدانی چەندین کاری بەرنامە بۆدارێژراوی پێشوەختەی هەیە، کە لە لایەن مرۆڤەوە بۆی دیاری دەکرێت، جا چ بە شێوەی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ بێت، یان بە شێوەیەکی خۆبەڕێوەبەر لە لایەن سۆفتوێری کۆمپیوتەر و زیرەکی دەستکردەوە. ئەم ئەرکانە زۆر جار لەلایەن کۆمپانیا جیهانییەکانەوە بەرنامەڕێژ دەکرێن، بۆ ئەوەی لە جیاتی مرۆڤ کارە قورس و مەترسیدارەکان ئەنجامبدەن (الحارثي، (https://www.alwatan.com.sa/article/1114309).

ڕۆبۆتەکان لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلدا شۆڕشێکی نمونەییان بەرپاکردووە، کە بەهۆیانەوە کاروباری کارگەکان ئاسانتر و سەلامەتتر بوون و بەرهەمەکانیان متمانەپێکراوتر بوون، لە ڕووی ڕێژەییەوە ژمارەی ئەو کەسانەی کەم کردۆتەوە، کە لە پرۆسەکە بەشداربوون. ئەمەش زیاتر لە کارگە

مۆدێرنەکاندا بەرچاو دەکەوێت و لە کارە سادە و سەرەتاییەکاندا کەمتر دەبینرێن (Borenstein J., 2011, 26).

**پێگەی ڕۆبۆت لە ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی**

ڕۆبۆت لەناو بەرهەمی ئەدەبی خەیاڵی زانستیدا بە گشتی و لەناو ڕۆماندا بە تایبەتی، وەکو کارەکتەر ڕۆڵێکی بەرچاویان پێ بەخشراوە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی، کە سیمایەکی خەیاڵی زانستی دەداتە کارەکتەری ڕۆمان، هەبوونی کارەکتەری ڕۆبۆتە لەناو ڕۆمانی خەیاڵی زانستیدا. چونکە هەمان کارەکانی مرۆڤ هەڵدەسوڕێنن، بە زمانی مرۆڤ دەدوێن و هەڵسوکەوت دەکەن. هەموو ئەو تێڕوانین و پێشبینییانەی دەربارەی ڕۆبۆتەکان خرابوونەڕوو، کاریگەری زۆری لەسەر خەیاڵی زاناکان بەگشتی و نووسەرانی بواری ئەندێشەی زانستی بەتایبەتی دروستکردووە، کە لە ڕێگەی خەیاڵەوە پێشبینی ئەوە دەکەن ڕۆبۆتەکان لە داهاتوودا وەک مرۆڤ ڕەفتار بکەن و بیر بکەنەوە و بڕیار لەسەر دۆخ و هەڵوێستەکان بدەن.

لە ناو ڕۆمانی گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی هەموو ئەو خەیاڵە پێشبینیکراوانە بەرچاو دەکەون، کە نووسەر سەبارەت بە دروستکردنی ڕۆبۆتەکان بیری لێ کردونەتەوە، وەک ئەو ڕۆبۆتانەی هاوشانی مرۆڤ ئیش و کارەکانی ناو هەسارەی مانگ ڕایی دەکەن، تەنانەت هەندێك جار وەک خودی مرۆڤ دەردەکەون، ژمارەیەک لەو ڕۆبۆتانە وەک کرێکاری پاککەرەوە خزمەتکاری تایبەتی زاناکانن و لە کارگەکانی دروستکردنی پێداویستییەکانی سەرمانگ کاردەکەن.

لە هەندێك شوێندا نووسەر ئاماژە بەو گەشەکردنەی ڕۆبۆتەکان دەدات، کە بەتەواوی هاوشێوەی مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکەن، بۆ نمونە: (ئاریا) کە کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکەیە، کاتێک دەگاتە سەر هەسارەی مانگ بە مەبەستی خزمەتکردنی، ڕۆبۆتێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت بە ناوی (جێنیفەر)، ئاریا لەبارەیەوە دەڵێت: (( **ئەو ڕۆبۆتەی بە وێنەی خانمێکی دڵبەر دروست کراوە، نانی بەیانی لەسەر مێزی چێشتخانەکە بۆ ئامادە کردبووم، ڕۆبۆتێکی گوێڕایەڵە، داواکانم بە باشی جێبەجێ دەکات. هەست دەکەم وەک مرۆڤێک خۆشم دەوێت، سۆزێکی تایبەتیم بۆی هەیە**))، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ١١). کەواتە لەڕووی شێوە و ڕوخسارەوە، ئەو ڕۆبۆتە بەتەواوی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کچێکی جوان و سەرنجڕاکێش دەچێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی هەیە، تەنانەت کاتێک ئاریا لەگەڵ ئەم ڕۆبۆتە بەناو کوچە و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکەدا پیاسە دەکەن بە مەبەستی کاتبەسەربردن، گەشتیارەکان وەک کچێکی جوان و ئاسایی سەیریان دەکرد، نەک وەکو ڕۆبۆت، واتە بەجۆرێک دروستکرابوو سەرنجی تەواوی گەشتیارەکانی ڕاکێشابوو و بە چاوی حەزەوە لێیان دەڕوانی.

لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، ڕۆبۆتەکان کاری زۆر گرنگیان پێ سپێردرابوو و بەبێ ماندوبوون و بە بەردەوامی لە ئەرکی خۆیان نەدەوەستان و سەرقاڵی ڕێکخستنی کاروباری گەشتیارەکان بوون، ئەمەش لایەنێکی گرنگی تەکنەلۆژیا دەردەخات لە یارمەتیدان و ئاسانکاری کاروباری ڕۆژانەی دانیشتوانی سەر هەسارەی مانگ، هەروەها ئەرکی پشکنینی گەشتیارەکانیشیان لە ئەستۆبوو و وەک ڕێنیشاندەر و گوێزەرەوە کاری خۆیان دەکرد. لەڕووی چۆنیەتی کارکردنیشەوە، لەم ڕۆمانەدا هاتووە: **(( ڕۆبۆتەکان بە وزەی تایبەت کار دەکەن، ڕاستەوخۆ لە هەموو دیوار و کوچە و کۆڵانی ناو گومەزەکەدا شوێنی تایبەتیان بۆ دیاری کرابوو، لە ڕێگەی گەیەنەری تایبەتەوە خۆیان بارگ دەکردەوە، کە ئەم بارگ کردنەش تەنیا بۆ ڕۆبۆتەکان نەبوو، بەڵکو ئۆتۆمبێلەکانیش، کە خۆیان بۆ خۆیان ئەوانیش ڕۆبۆتی تایبەت بوون))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٠١٦، ٣٢).

کەواتە کاری ڕۆبۆتەکان بەپێی بونیادی دروستکردنیان زۆر ئاڵۆز و گرانە، ئەگەر سەرنجی کارەکانیان بدرێت، بە ڕوونی هەست بەوە دەکەین، چونکە دامەزراندنی یادێکی ئەلیکترۆنی و بەرنامەڕێژکردنی مێشکی ڕۆبۆتەکان بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانی سەر هەسارەی مانگ، کارێکی بێ وێنەیە و کەم لە زاناکان توانای ئەوەیان هەبوو بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەن. لە گفتوگۆ و دەربڕینەکانیشیاندا، بە شێوازێکی جوان و گونجاو وەڵامی گەشتیارەکانیان دەدایەوە، بەهۆی ئەم ڕەوانی قسەکردنەشەوە زۆر بە کەمی هەست بەوە دەکرا، ئەوانە ڕۆبۆتن و بەرنامەڕێژکراون بۆ ئەم جۆرە کارانە، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی شارەزایی تەواویان لەسەر نهێنی و داهێنانەکانی هەسارەی مانگ نەبوو. تەنانەت زۆر جار پیاوە گەشتیارەکان کچە ڕۆبۆتەکانیان وەک کیژە سۆزانییەکان دەبینی و داوای پەیوەندی و نزیک بوونەوەیان لێ دەکردن. بەڵام ڕۆبۆتەکان، وەک مرۆڤێکی ئاسایی، بە پێکەنینێکی سادەوە، وەڵامیان دەدانەوە و دەیانگوت: **((داوای لێبوردن دەکەین. ئێمە ناتوانین کاری وا بکەین))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٨١). ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیەش، سروشتێکی مرۆڤ ئاسا بە ڕۆبۆتەکان دەبەخشێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جگە لەمانە، جۆرێکی دیکەی رۆبۆت بەرچاو دەکەون، پێیان دەڵێن رۆبۆتە تەکنیککارەکان، ئەمانە توانای ئەوەیان هەیە کاریگەری لەسەر جۆرەکانی تری رۆبۆت دروستبکەن، ئەم کاریگەرییەشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، **((هەموو ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە کاری رۆبۆتە تەکنیکییەکان، لەناو زاکیرەیەکی تایبەتدا پارێزراون، ئەگەر رۆبۆتێکی ئاسایی، ئەو توانایانەی تیا نەبووایە، دەکرا لە رێگەی ئەو زاکیرەیەوەلە ماوەی پێنج خولەکدا، هەموو زانیارییەکان بگوازنەوە بۆ ناو یادی رۆبۆتە ئاساییەکە و بەمەش، ئەو رۆبۆتەش دەبێتە رۆبۆتێکی تەکنیککار و وەک ئەوانی تر کار دەکات))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٩٦).

هەندێك جاریش ئەو رۆبۆتانە وەک هۆیەکی گرنگی گواستنەوە دەردەکەون، بۆ نمونە: ئەو گەشتیارانەی لەنێوان مانگ و زەوی بە مەبەستی گەشت یان بازرگانی هاتووچۆیان دەکرد، ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ لەلایەن رۆبۆتەکانەوە کرابوو و دەورێکی کاریگەریان لەو نێوەندەدا هەبوو، ئەو هێزەی یارمەتیدەر بوو، بۆ رۆبۆتە گوێزەرەوەکان و توانای بەرزبوونەوەی پێ دەبەخشین، شێوازی دروستکردنیان بوو، کە لە پاڵنەری موگناتیسی بەهێز پێکهاتبوون و لە چەندین رووتەختی بازنەیی فراوان دروستکرابوون، ئەم رووتەختانە، شەپۆلێکی موگناتیسی بەهێزیان دروست دەکرد و لەکاتی بەرزبوونەوەیدا ئاراستەی شەپۆلە موگناتیسییەکەی پێچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەکانی زەوی دەکردەوە، بەهۆی ئەمەشەوە کەشتییەکە و رووی زەوی، وەک دوو موگناتیسی هاوجەمسەر لە یەکتر دوور دەکەونەوە. بەهۆی چڕی شەپۆلە موگناتیسییەکانی زەوییەوە، کەشتییەکە تاودانێکی بەهێز وەردەگرێت و دەتوانێت لە ماوەی هەشت کاتژمێر و بە خێراییەکی زۆر بگاتە سەر هەسارەی مانگ.

ئەو رووتەختانە سیفەتێکیان هەبوو دەیانتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن و بە شێوەیەکی خۆبەرێوەبەر کاربکەن، رۆماننوس بەم شێوەیە وەسفی ئەو هۆکارە دەکات، کە یارمەتی دەریانە بۆ ئەم کارە، کە تیایدا هاتووە: **((بەشی دەرەوە چوار بورجی تێدایە ولێزەریان پێوەیە، هەر هەسارەیەک یان کەرەستەیەکی وەکو وردەبەرد لە رووی مانگ نزیک بێتەوە، ئەم لێزەرانە راستەوخۆ لەناوی دەبەن و وەکو چەکێکی بەرگریکار و دژ بەکاردەهێنرێت واتە لەم رووەوە وەکو مرۆڤ بەرگری دەکەن))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ١٥،-١٦). بە هۆی نامۆیی گەشتەکانی هەسارەی مانگ، زۆربەی ئەو کەسانەی روویان تێدەکرد، گەشتیارە دەوڵەمەندەکان بوون، کە رۆبۆتی تایبەتیان بەکرێ گرتبوو، بۆ

ڕێنوێنی کردن و هاوکاریکردنیان لە کاتی گەڕان و پێدانی زانیاری سەبارەت بە شتە جیاوازەکانی سەرمانگ. بەشێکی زۆریان بەو ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتیانە بە ناو شەقامەکاندا دەگەڕان، کە بە وزەی خۆر کاریان دەکرد و شۆفێریان نەبوو، ئەمەش توانای زانست و تەکنەلۆژیا دەردەخات، کە شتگەلێک بەو ئاستە بەرزە بەرهەمهاتووە و شایەنی پیاهەڵدان و وەسفکردنە. واتە بە ئەندازەیەکی یەکجار زۆر سیفاتەکانی مرۆڤیان تێدابوو، زۆربەی جار لەسەر شەقامەکان پێشوازی سواربوونیان لە گەشتیارەکان دەکرد وتەنانەت هەستیان بە باری قورس و نالەبار دەکرد، هەروەک لە دیمەنێکی نامۆی ناو گومەزەی سەرمانگدا هاتووە، کاتێک گەردەلوولێکی بەهێز سەرهەڵدەدات، گەشتیارەکان لە ترسی بەهێزی گەردلوولەکە خۆیان بە ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتەکانەوە هەڵدەواسی، لەم حاڵەتەشدا ڕۆبۆتەکان بە وێنەی مرۆڤی ماندوو هەست بە قورسی بارەیان دەکەن و بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەن: **(( تکایە هەندێکتان دابەزن، بزوێنەرەکەم توانای ئێوەی نییە))**، (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی، ٢٠١٦، ١٨٩).

ئەو ئۆتۆمبێلە ڕۆبۆتیانە لەڕووی شکڵ و شێوەوە هەیکەلێکی جوانیان هەیە، ئەگەر بە ئۆتۆمبێلەکانی سەر هەسارەی زەوی بەراورد بکرێن، بە هەمان شێوەی ئەوان جێگای چوار کەسی هەیە، بەڵام بە ڕواڵەت شێوەیان بە نیوە گۆیەک دەچێت و قەبارەشیان کەمێک بچوکترە، یادەکانیشیان بە یادی کۆمپیوتەری سەرەکی ناو گومەزەکەوە بەسترابوو، بەجۆرێک ڕێکخرابوون، شارەزای هەموو کون و کەلەبەر و شەقام و کۆڵانەکانی ناو گومەزەکە بوون بێ ئەوەی کەس ڕێنموونیان بکات.

هەندێك جار ئەو پێشکەوتنانەی بە هۆی زانست و تەکنەلۆژیاوە بەرهەمدێن دەبنە زیان بۆ مرۆڤ، وەک ئەو ڕۆبۆتانەی لە ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی) دا ئاماژەیان پێ کراوە، کە بە ئاستێکی ئەوەندە بەرز دروستکراون، پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت لە ڕووی مرۆڤەکان هەڵبگەڕێنەوە وببنە هۆی دروستبوونی کێشە و ململانێ لەنێوان مرۆڤ و ڕۆبۆتەکان، ئەمەش لە بەرژەوەندی مرۆڤ نییە، چونکە بە ئاستێکی  زۆر باڵاتر لە مرۆڤ دروستکراون، لەڕووی هێز و توانا و زاڵبوون بەسەر ڕووداوەکانی دەوروبەر و درککردن بە شتەکان، بەسەر تواناکانی مرۆڤدا بازدەن، هەموو ئەمانەش بە زیان و شکستی مرۆڤەکان تەواو دەبێت، لەبەرئەوەی لەو بارودۆخەدا مرۆڤایەتی ترسی ئەوەی بۆ دروستدەبێت، ئەو شتەی بە دەستی خۆی دروستی کردووە، لە خۆی بە تواناتر دەرچێت و شکستی پێ بێنێت

لێرەدا ئێمە دەگەینە ئەو رایەی، خەیاڵی زانستی بە شێوەیەکی گشتی دوو ئامانج لەخۆ دەگرێت: یەکەمیان هاتنە ئارای ڕۆمانی خەیاڵی زانستییە، کە هۆکارێکە بۆ داهێنانی بابەتی تازە و سەردەمییانە، لەپێناو چارەسەرەی کۆمەڵێک بابەتی ئاڵۆز. دووەمیان: ئەو لایەنانە پیشاندەدات، کە بە هۆی زانست و تەکنەلۆژیاوە زیانی بە مرۆڤ گەیاندووە.

**ئەنجامەکان**

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە چەند ئەنجامێک لەوانە:-

١- خەیاڵ هێزێکی نادیار و کاریگەر و شاراوەیە و سەرچاوەی هەموو توانا و داهێنانەکانی عەقڵی مرۆڤە، کە تاک بەهۆیەوە دەتوانێت سنووری بیرکردنەوەکانی ببەزێنێت و تا مەودایەکی دوور و درێژ و فراوان پەلبهاوێت.

٢- خەیاڵی زانستی جۆرێکی نوێیە لە ناو ئەدەبی کوردیدا، ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی) یش بە یەکێک لەو خەیاڵە زانستییە هەژمار دەکرێت، کە ئاڕاستەی کات تیایدا بەرەو کاتی داهاتوو دەچێت و ڕۆماننووس بە ڕێگای پێشبینی جیهانێکی نوێی ئافراندووە، ئەمەش سیمایەکی زانستییانەی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە.

٣- خەیاڵی زانستی ڕێگایەکی تازە دەگرێتەبەر بۆ داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتی، جیاواز لەو ڕێگا باوەی، کە پێشتر پەیڕەویان کردووە. واتە ڕێگایەکی جێگرەوەیە و گرێدراوە بە جیهانی ڕاستەقینەوە.

٤- یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکان کە ڕۆمانی خەیاڵی زانستی لە ڕۆمانەکانی تر جیا دەکاتەوە، هەبوونی پێشبینی و گریمانەیە لە ناو ڕۆماندا، لە ڕۆمانی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی) دا ڕۆماننووس پێشبینی ڕووداوەکانی ژیان و بارودۆخی جیهان دەکات لە داهاتوویەکی نزیکدا.

٥- گرنگی و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە بواری (کۆپیکردنی مرۆڤ و بەکارهێنانی ڕۆبۆتەکان)، لایەنێکی گرنگی ڕۆمانەکەیە و بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی زانستی بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی پێش خۆی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٦- ڕۆماننوس لە هەڵبژاردنی کارەکتەری ڕۆمانەکەیدا، تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری خەیاڵی زانستی لەسەر کارەکتەری ناو ڕۆمانەکەیدا پەیڕەو کردووە، بە تایبەتیش کارەکتەری ڕۆبۆتی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە ڕۆمانەکەیدا بەکار هێناوە، پێشبینی کردووە، کە دەشێت کارەکتەر و ئەنجامدەری کارەکان تەنیا مرۆڤ نەبن، واتە جێگرەوەی مرۆڤ دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، کە پێیان دەڵێن ڕۆبۆت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

١- عومەر، موحسین ئەحمەد(د)،٢٠١٢، فەرهەنگی ئەدەبی کوردی، چ یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٢- شوان، ڕەزا، ٢٠١٧، خەیاڵی زانستی لە ئەدەبی منداڵاندا.

٣- مەنتک، حەمە(د)، ٢٠٢١، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی، چ یەکەم، چاپخانەی سەردەم.

٤- عوسمان، جەبار، ٢٠١٦، ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی (گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی)، چاپخانەی کارۆ.

٥- سەعید، ئازاد محەمەد، ٢٠١٩، فانتازیا لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی و ڕۆمانی (دەغدو)ی خوسرەو جافدا، نامەی دکتۆرا.

٦- نیزامەدین، فازیل، ٢٠١٥، فەرهەنگی (شیرین) ی نوێ، عەرەبی کوردی، سلێمانی.

### دیدار و چاوپێکەوتن:

٧- جەبار عوسمان، چاوپێکەوتن، سیتی ستار- سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٣، کاتژمێر ٤ ی دوانیوەڕۆ.

٨- جەبار عوسمان، چاوپێەوتن، سیتی ستار-سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٥، کاتژمێر ٣ ی دوانیوەڕۆ.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

٩- عبدالحمید، شاکر(د)، ٢٠٠٩، الخیال من الکهف الی الواقع الافتراضي.

١٠- يعقوب، نشوان، ٢٠٠٥، التفكير العلمي و التربيية العلمية، عمان دار الفرقان للنشر و التوزيع.

١١- عزام، محمد، ٢٠٠٣، ادب خيال العلمي، سورية- ديمشق.

١٢- لوءلوءة، عبدالواحد(د)، ١٩٧٧، موسوعة المصطلح النقدي العراق، دار الرشيد.

١٣- حليفي، شعيب، ٢٠٠٩، شعرية الرواية الفانتاستيكية، الجزائر.

١٤- هنري، تاليف، ٢٠١٦، الاستنساخ البشري-أتلان وآخروون، ترجمه:مها قابل، القاهرة.

١٥- شافعي، ع ٦٢، مجلة القراءة و المعرفة.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

١٦- سامي، ايمان، بحث عن الاستنساخ البشري، 20/ 10/ 2019,
https://www.almrsal.com/post/836080

١٧- الحارثي، سلمان، الرجل الالي، 2022/10/2،
(https://www.alwatan.com.sa/article/1114309)

18-Borenstein J. Robots and the changing workforce. AI & society. 2011;26(1):87-93.

19-Rus D, Tolley MT. Design, fabrication and control of soft robots. Nature. 2015;521(7553):467-75.

20- (www.mawhopon.net/ سایتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Science Fiction in The Novel (Return to The Planet Earth)

**Assist Proof. Dr. Kaify Ahmad Abdulqadir**
Department of Kurdish Language, College of Education, Koya University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**Fatma Abdulkarim Mahmood**
fatma.abdulkarim2022@gmail.com
Department of Kurdish Language, Presidency of University, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study presents a brief overview of fiction, concepts, terms and definitions of science fiction. the areas of science fiction applications especially in the field of stories and novels have been alluded. In addition, topics such as human cloning, genetic and chromosomal changes, and the use of high-tech robots that substitute humans and play the role of humans in processing different affairs have been discussed.The writer of this novel depends heavily on the principles of scientific fiction to formulate his subjects, because fiction is one of the most important artistic element which has made the content of the novel more specific and scientific.The purpose of demonstrating this literary genre in this study is to introduce a particular type of imagination and distinguish it from other types. As a result of this research, we have found that scientific fiction is a new subject in Kurdish literature and has an important role in the development of novels. The novel (Return to Planet Earth) is part of the scientific fictions that has become a gateway to the emergence and birth of other literary works in this field.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص

تقدم هذه الورقة لمحة موجزة عن الخيال العلمي ومفاهيمه ومصطلحاته وتعريفاته ، وكذلك مجالات تطبيق الخيال العلمي ، وخاصة في مجال الخيال والروايات. بالإضافة إلى ذلك ، سيتم مناقشة موضوعات مثل الاستنساخ البشري ، والطفرات الجينية والكروموسوم ، واستخدام الروبوتات عالية التقنية التي تحل محل البشر تمامًا وتلعب الأدوار البشرية في إدارة الأعمال. لأن الخيال من أهم الأنواع الفنية ، يعتمد مؤلف هذه الرواية بشكل كبير على مبادئ الخيال العلمي في صياغة موضوعاته ، مما يجعل محتوى الرواية أكثر تحديدًا وعلمية. الغرض من عرض هذا النوع الأدبي في هذه الدراسة هو تقديم نوع معين من الخيال وتمييزه عن الأنواع الأخرى. نتيجة لهذا البحث وجدنا أن الخيال العلمي موضوع جديد في الأدب الكردي وله دور مهم في تطوير الروايات. العودة إلى كوكب الأرض هي قطعة من الخيال العلمي أصبحت بوابة لظهور وولادة الأعمال الأدبية الأخرى في هذا المجال.